دوو لە هاوەڵانی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- هەردوویان ناوەستن لە شوێنکەوتن بە دوای خێردا

لە ئەبی عەتیەوە دەڵێت: من ومەسروق چووین بۆ لای عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت-، مەسروق پێی ووت: دوو لە هاوەڵانی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- هەردوویان ناوەستن لە شوێنکەوتن بە دوای خێردا؛ یەکێکیان ئەنجامدانی نوێژی مەغریب وڕۆژووشکاندن پێش دەخات (ڕاستەوخۆ پاش خۆر ئاوا بوون -بانگی مەغریب- ئەنجامیان دەدات)، وئەوی تریان ئەنجامدانی نوێژی مەغریب وڕۆژووشکاندن دوا دەخات؟ (عائیشە) ووتی: کێ نوێژی مەغریب وڕۆژووشکاندن پێش دەخات؟ ووتی: عبداللە -واتا: عبداللەی کوڕی مەسعود-، (عائیشە) ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی ئەنجامدەدا.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەبی عەتیە ومەسروق پرسیاریان لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە دوو پیاو لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، یەکێکیان: ئەنجامدانی نوێژی مەغریب وڕۆژووشکاندن پێش دەخات (ڕاستەوخۆ پاش خۆر ئاوا بوون -بانگی مەغریب- ئەنجامیان دەدات)، وئەوی تریان: ئەنجامدانی نوێژی مەغریب وڕۆژووشکاندن دوا دەخات؟، کامیان ڕاستیان پێکاوە (کارەکەیان دروستە)؟ (عائیشە) ووتی: کێ نوێژی مەغریب وڕۆژووشکاندن پێش دەخات (لە کاتدا)؟ ووتیان: عبداللەی کوڕی مەسعود-، (عائیشە) ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی ئەنجامدەدا، واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕاستەوخۆ پاش بانگدان وخۆرئاوابوون ڕۆژووەکەی دەشکاندن ونوێژی دەکرد، کاتی نوێژکردن وڕۆژوو شکاندنی دوا نەدەخست، ئەمیش سونەتە وبە کردەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدانی داوە وبەڵگەیە لەسەر ئەوەی باشتر وایە مرۆڤ ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی خۆر ئاوا بوو وبانگدرا ڕۆژووەکەی بشکێنێت ونوێژ بکات ودوایان نەخات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6013